# باوی چاویلکەی شێوازی هەفتاکانە

ماوە ماوە مۆدە کۆنەکان زیندوو دەکرێنەوە، چ لە جلوبەرگ بێت، یان ئێکسسوارەکان، چونکە مۆدی جاران باو و ناوازە بوون، جگە لەوەی لە شێوازە تازەکانیش بە دەستکارییەوە لاسایی کۆن دەکرێتەوە، بۆیە ئەگەر مۆدێکی ساڵانی پێشوو لە ئێستادا بەکاربهێنرێت، دیمەنێکی ناوازە و شێوازێکی سەرنجڕاکێشی دەبێت، بۆیە مارکەی (گوتشی – Gucci) لە تازەترین مۆدی چاویلکەکانیدا، گرنگی بە شێوازی چاویلکەکانی ساڵانی هەفتاکان داوە، کە شێوەی کلاسیکە و بازنەی چاویلکەکە لە شێوەی هێلکەی خواردانراو وایە، بەڵام تەنیا وردە ئێکسسوار و کریستاڵ لەسەر چاویلکەکەدا بەدی دەکرێت، ئەوەش وەك کرۆکیی گۆڕانکاری لە مۆدەکەدا دەرکەوتووە. ئەو شێوازە بە مۆدی رۆمانسی و خەیاڵ دەناسرێت، بەهۆی ئەوەی لە وەرزی بەهاردا هەست و سۆزی مرۆڤ زیاتر دەبێت، چونکە لە کەشێکی فێنك و ژیانەوەی ئەو وەرزەدا دەژی، بۆیە چاویلکەی لەم جۆرە مۆدێکی باوە تا لە چاوی بکەیت، لە چەندین رەنگی جۆراوجۆری هەیە لەوانە: رەش، قاوەیی، سوور، نارنجی، پرتەقاڵی، شینی بریقەدار.





# ئەو کاتانەی پێویستە پانتۆڵی جینزی سپی بپۆشیت

پانتۆڵی جینز بە یەکێك لە پۆشاکە سەرەکییەکان دادەنرێت، پێویستە لە نێو دۆلابی گشت ئافرەتێك بێت، چونکە بۆ کات و شوێنی تایبەت لەبەر دەکرێت، نموونەیەکی زیندووی پانتۆڵە، بەتایبەتی ئەگەر رەنگەکەی سپی بێت لەگەڵ هەموو رەنگی جلێکی دیکەی سەرەوە دەگونجێت، ئەو کاتانەی پێویستە پانتۆڵی سپی جینز بپۆشی بریتین لە:

کاتەکانی پشوو، کاتێك لە کاتی پشوودەبیت و لە کار بە دووری، دەتوانی پانتۆڵێکی جینزی سپی بپۆشی، بە تایبەت بۆ گەشت و سەیران، لە بیریش مەکە جەنتایەکی نەخشداریش لە دەست بگرە.

مۆدی کاجواڵ، دەتوانی بۆ بەدەستهێنانی مۆدێکی کاجواڵ لەگەڵ ریکۆتێکی جینز رێکی بخەیت، هەروەها دەتوانی لەگەڵ پێڵاوێکی وەرزشی لەبەری بکەیت و ئێکسسواری ناسکیش لە پرچت بدەیت، مۆدێکی ناوازە دەردەچێت.

کاتی سەردانی و خوان، جوانترین مۆدی جلوبەرگ دەبێت، کاتێك لە خوانێکدا داوەت کراوی، پانتۆڵی سپیی جینز نایابە و بێزاریشت ناکات، لەگەڵ بلووزێکی ناسك و پێڵاوی پاژنە بەرز شیکی بکە.

کاتەکانی دەوام و زانکۆ، دەکرێت لەگەڵ کراسێکی سادە و فەرمی لەگەڵ پانتۆڵە جینزی سپی لەبەر بکەیت، بۆ کاتەکانی زانکۆ و دەوامی فەرمی مۆدێکی نایابە لە جوانیدا.

چوونە ژوان، کاتێك ژوانێکت لەگەڵ هاوسەرت، یان خۆشەویستت دەبێت، نایابترین مۆدی جلەکان پانتۆڵێکی سپیی جینز و لەگەڵ کراسێکی پێست، بێگومان پێڵاوی پاژنە بەرزیشت پێویست دەبێت.

# شێواز و رەنگەکانی میتالیک بۆ پرچ

زۆربەی ئەوانەی حەز بە مۆدی رەنگی میتالیکی پرچ دەکەن، ماوە ماوە کەزی، یان کۆتایی قژیان بە رەنگێك دەرِزاێننەوە، وەك شێوازێکی سەرنجراکێش و ناوازە بۆ رەنگکردنی پرچ، هەندێکیش بەپێچەوانە بەشی لای رەگی مووەکان رەنگ دەکەن، یان ئەو بەشەی لە پێست نزیکە، هەردوو رێگە دروستە، بەڵام گرنگە بزانیت چ رەنگێکی میتالیکی هەڵدەبژێریت تا لەگەڵ شێوەی روخسارو بەشەکەی دیکەی پرچت گونجاو بێت.. پێش رەنگکردنی قژت پسپۆڕان ئامۆژگاریت دەکەن بەوەی: سەرەتا شێوازێکی پرچبڕین هەڵبژێرە، گرنگیشە رەنگی سەرەکی و سرووشتیی قژت دەربکەوێت، پاشان تەڵێك، یان بەشێکی پرچت بەو رەنگانەی خوارەوە بۆیە بکە، لە بیریش مەکە بەر لە دوو رۆژ لە بۆیەکردنەکە، پرچت بە تەواوی بشۆ، تا ئامادەبێت بۆ رەنگ و شێوازەکانی میتالیك کە بریتین لە: شێوازی شینی میتالیك نزیك لە رەنگی حەریر، شێوازی میتالیکی پەمەیی، شێوازی رەنگی رەشی کلی بۆ ئەوانەی پرچیان زەردو قاوەیی، شێوازی رەنگی رەساسیی ناوەند (پلاتین)، شێوازی رەنگی میتالیکی زیوی، شێوازی تێکەڵی نێوان رەنگی سوور و برۆنزی، شێوازی شینی ئاسمانی میتالیك، شێوازی رەنگی زێڕی بەرەو پەمەیی، تێکەڵی میتالی وەنەوشەیی و زیوی، دوا رەنگیش بریتییە لە شێوازی رەساسی تێکەڵ بە هەردوو رەنگی شین و سەوز.





# باخچەی هەڵواسراوی ستوونی

لە سەردەمی کۆنی عێراقدا، باخچە هەڵواسراوەکان هەبوون، ئەو جۆرە باخچەیە لە وڵاتی چین دووبارە کراوەتەوە، کە کۆمەڵێك باڵەخانەی بەرزی ئەو وڵاتە لە شاری (نانجێنگ) بە گژ و گیا و گوڵ و گوڵزار رازاوەتەوە، ئەو پرۆژەیە بە مەبەستی پاککردنەوەی ژینگەو زیادکردنی ریژەی ئۆکسجین لە هەوادا کراوە، ئەوەش بیرۆکەی ئەندازیارێك بە ناوی (ستیفانۆ بۆیری) کە بریتین لە چەندین باڵەخانەی بەرز و بەرزی یەکێکیان دەگاتە (١٩٩) مەتر بەرزی و باڵەخانەی دووەمیش دەگاتە (١٠٧) مەتر، لەو دوو باڵەخانەیەدا نزیکەی (١٠٠٠) بڕە دار و گوڵ و گوڵزار چێنراوە، هەروەها زیاتر لە (٢٥٠٠) گژو گیای بچووك روێندراون، تا شێوەی وەك باخچەیەکی هەڵواسراوی ستوونی بێت. ئەو دوو باڵەخانەیە بریتین لە هۆتێلێك کە (٢٤٧) ژووری تێدایە، هەمان ئەو بیرۆکەیەش لە شاری میلانی ئیتاڵیا بەجێ گەینراوە بۆ پاراستن و پاککردنەوەی ژینگە، بیرۆکەکە جگە لەوەی سەرکەوتوو بووە، هەروەها دیمەن و سیمایەکی جوانی بەو شارە بەخشیوەو بۆتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران و خەڵکی وڵاتی چین.



# دایک و باوکێک حەزیان بە زۆرترین منداڵە

هەندێ دەڵێن لەوە خۆشتر نییە کۆمەڵێك منداڵی چاوگەش و خنجیلانەت هەبێ، ئیدی رۆژانە لەبەرچاوت دێن و دەچن، ئەگەرچی خێزانەکانی وڵاتانی ئەوروپا ئەوەندە حەز بە منداڵی زۆر ناکەن، بەڵام ئەو دایك و باوکە پێچەوانەی ئەوان بیر دەکەنەوە، بەڵکو وەك خێزانێکی رۆژهەڵاتی حەزیان لە منداڵی زۆرە، تا ئێستا (١٩) منداڵیان هەیەو ئێستاش لە چاوەڕوانی منداڵی (٢٠)ـەمینن، ئەو دایك و باوکە ناویان (سوو



## دەوڵەتی کەرویشکەکان



و نوێل رادفۆرد)ـەو لە ناوچەی مۆریکامپی لە شاری لانکشایەری بەریتانیا دەژین، لە ئێستادا پاسێکی بچووکیان هەیە بۆ هاتوچۆیان، چونکە لە نێو ئۆتۆمبێل یان دوو ئۆتۆمبێل جێگەیان نابێتەوە، دوامنداڵیان ناوی (ئالفی)یە لە دایکبووی (٢٠١٥)یە، ئێستاش دایکەکە دووگیانە و لە چاوەڕوانی دوامنداڵیانن، وەك خۆیان دەڵێن: تا بتوانین منداڵمان ببێت، دەبین بە خاوەن زۆرترین منداڵ، کێشەی ئەو دایك و باوکە ئەوەیە کە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکانیان خەرجی زۆرە، ماوە ماوە ئاهەنگێك ساز دەکەن، تەنانەت ساڵانە (٣٠) هەزار دۆلار تەنیا بۆ ئاهەنگەکانی لەدایکبوونی منداڵەکانیان خەرج دەکەن، بەڵام ئەوانە زۆرترین خێزان نین، چونکە پیاوێکی چینی کە ناوی (زیۆنا چان)ـە، باوکی (٩٤) منداڵەو (٣٩) هاوسەری هەیە.




ڕەنگە سەیربێت دەوڵەتێك هەبێت لە جیاتی مرۆڤ، کەروێشك حوکمڕانیی بکات، بەڵام ئەوە راستییە، چونکە کەنارێکی گەورەیان لە وڵاتی ژاپۆن داگیرکردووە و تەنیا کەروێشك لە نێو ئەو کەنداوە دەبینرا، تا چەند ئەم ساڵەی دواییدا خەڵکی بۆ نیشتەجێبوون روویان لەم کەنداوە کرد، ئەو شوێنە ناوی (ئۆکونۆشیما)یە، کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا کەروێشکیان بە مەبەستی تاقیکردنەوەی چەکی ناوەکی و کیمیاوی بەکاردەهێنا، بۆیە ژمارەیەکی زۆر کەروێشکیان لەم کەنداوە دانا، دوای ئەوەی شەڕی جیهانی وەستا، ئیدی ئەو شوێنە بە سەلامەتی مایەوە و تاقیکردنەوەکانی چەکی لێ وەستێنرا، دوای چەندین ساڵ کە کەروێشکەکان شوێنەکەیان بۆ خۆیان کردۆتە مەملەکەتێك، زاوزێیان کردووە و ئێستا ژمارەیان لە هەزاران بەڵکو بەرەو ملیۆنێك کەروێشك دەچێت، پاش ئەوەی هەندێ خەڵك گەڕانەوە ئەو شوێنە، ئێستا خەڵکیش هاوشێوەی کەروێشکەکان لە نێو ئەو ناوچەیەدا بەیەکەوە دەژین، ئەوەی سەیرە کەروێشك لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێت و بەبێ ئەوەی کەس دەستیان لێبدات، یان راویان بکات.





## دایکێک نمایش بە روخساری ن

مەرج نییە نمایشەکانی تەنیا لە تابلۆی بە نرخ و گرانبەها بن، بەڵکو هەندێ جار بیرۆکەیەکی سادە دەبێتە نمایشێکی بەناوبانگ و سەرنجی هەمووانیش رادەکێشێت، وەکو نەخشەکانی ئەو ئافرەتە نیوزلەندییەی، کە توانی بە بیرۆکەیەکی سادە، جەماوەرێکی بەرچاو لە نمایشەکەیدا ئامادە بن. ئەو خانمە ناوی (کریستی لویس)ـە و یەکێکە لە بەهرەدارترین دایکەکان، رۆژێك لە



## کاریکاتێر


- ئەم کاریکاتێرە باس لە سەرکردە دیکتاتۆر و زاڵمەکان دەکات، کە ئەگەر یەکێکیان بڕوخێت، یەکێکی دیکەی خراپتر بە دوایدا دێت.



## پوختەی فیلم

**تاوەری تاریك - The Dark Tower**

فیلمێکی زانستی و فەنتازیایە، باس لە بەرگریکاری تاوەرێك دەکات کە ناوی (رۆلاند دیشاین)ـە و لە نواندنی (ئیدریس ئەلبا)یە، لەگەڵ دوژمنێکی سەرسەخت بەناوی (والتەر ئۆدیم) و لە نواندنی (ماسیۆ ماکۆنی)یە، کە بە پیاوی رەش ناسراوە و دەیەوێت هێرش بکاتە سەر ئەو تاوەرە بۆ بردنی کلیلی رووخاندنی گەردوون و تاوەرەکە، زۆربەی فیلمەکە شەڕ و ئەکشنە، لە دەرهێنانی (نیکۆلاس ئارسێل)ـە، لەلایەن ستیفن کینگ و رۆن هاورد کاری بەرهەمهێنانی بۆ کراوە، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێرە و بە یەکێك لە فیلمە سەرکەوتووەکانی ساڵی (٢٠١٧) دادەنرێت و لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە.



## نوکـــتە

کوڕێکی گێژ دەچێتە داوای کچێك، دوای ئەوەی دایك و باوکی کچەکە دەڵێن، دەمانەوێت کچمان ماڵی تەنیای خۆی هەبێت، کوڕە گێژەکەش دەڵێت: ئەی من لە کوێ بژیم؟!



### کاوڕ

کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت و بیرکردنەوەشت بەرەو داهاتوو گەشبینە، بۆیە سەرکەوتنت لەو ماوەیە مسۆگەر دەبێت. متمانەت بە خۆت بێت، هەندێك پێشەوەچوونی ئیجابی روودەدات و دڵخۆش دەبیت، بەڵام یەکێك لەکەسە نزیکەکانت رەنگە دووبارە پەرێشان و خەمبارت بکاتەوە.

### گا

ململانێ لەگەڵ ئەو کەسەدا ناتگەیەنێتە ئەنجام، بۆیە لێی دووربکەوە و چاکترە ماوەیەك رووی پێی نەدەی. لە بواری ژیانی تایبەتیدا بیرو مێشکت بخەرە کارو لەگەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکە، ماوەیەکە هەندێ ئاماژەت بۆ دەکرێت و خۆت تێی دەگەیت، بەڵام پشتگوێی دەخەیت.



### جمک

هەنگاوەکانت بە رێکی بەڕێ دەکەیت، بەڵام هەندێ جار کێشەت بۆ دروست دەکەن، لە هەوڵی خۆت بەردەوام بە و مەهێڵە کارت تێبکات، هەست بە ئارامی و گەشبینی دەکەیت و چالاکیت بەرەو باشتر دەچێت و، بارودۆخ و ژیانت لا شیرین دەکات و لەوانەشە دەستکەوتی دارایی و سۆزداری لەگەڵ بێت.



### قرژاڵ

بڕیاری خێرا دەدەیت، بەمەش تووشی گرفت دەبیتەوە، لەگەڵ کەسێك نێوانتان خۆشە، بەڵام زۆر جاریش کێشەتان دەبێ، ئەوەش شتێکی ئاساییە، ئەگەر ئەمڕۆ گفتوگۆت کرد دەربارەی ئیش و کارەکانت ئەوا زۆر وریا بە، چونکە بارودۆخ زۆر ناڕێك و ناگونجاوە بۆ ئەم جۆرە کارانە.



### شێر


ماوەیەکە هەست بە بێزاری دەکەیت و وادەزانی کە ئەو هەڵە و کێشانەی روودەدەن خەتای تۆی تێدایە، بەڵام ئەوە هەڵەیە، چونکە کەسی بەرامبەرت لێت تێناگات. پێویستە بە روونتر و کراوەتر لە یەکتر تێبگەن، بیرۆکەیەکی جوانت داناوە بۆ داهاتووت و لەو کارە بەردەوام بە و سەرکەوتنی بۆت دەبێت.



### گوڵەگەنم

ماوەیەکە خۆت دوورەپەرێز گرتووە و لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت تێکەڵ نابیت، پێویست ناکات وا بکەیت، بۆیە چاوێك بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتدا بخشێنەوە، باری داراییت بەسەر کۆسپێك زاڵ دەبێت و بەرەو باشتر هەنگاو دەنێیت، چاودێری تەندروستیشت بکە.






# ـــــەخشداری منداڵەکانی دەکات


ماڵدا دەبێت و روخساری منداڵەکانی بە نەخشی جۆراوجۆر رەنگین دەکات، تەنانەت وەك کەسایەتییە بەناوبانگەکانی نێو فیلمە ئەنیمەیشنەکان دەرکەوتن، هەر ئەوەش وای کرد کە نمایشێکی بچووك بکاتەوەو بە رەنگینی و نەخشی سەر روخساری منداڵەکانی، بەمەش بووە جێگەی سەرنجی میدیاکاران و ئامادەبووان لە نمایشی روخساری منداڵەکانیدا راکێشا.

## بۆ زانیاریت

### رەنگی بەردە گەوهەرەکان

مرۆڤ سەردەمانێکی کۆنە ئارەزووی لە بەردە گەوهەرییەکان کردووە بە هۆی جوانی و سەرنجڕاکێشییانەوە، بەجۆری جیاوازەوە، لەوانە (رۆبی، مرواری، مەرجان، یاقوتی زەرد، یاقوتی شین، ئەڵماس، زەمڕود ..هتد)، هەندێ لە گەلانیش بە بەردێکی پیرۆزیان زانیوە و لە بۆنە و ئاهەنگی جیاوازدا بەکاریان هێناوە. پاشاکان و شاژن و کەسە خانەدانەکان وەك ئێکسسوارێك بەکاریان دەهێنا، وەك لە هیندستان و رۆژهەڵاتی ئاسیا. کەواتە چ شتێك رەنگ بەم گەوهەرانە دەدات؟ زۆرێك لە بەردەکان بریتین لە ماددەی کانزایی جگە (مرواری و مەرجان)، کانزاکەش بریتیە لە: کریستاڵی ئۆکسیدی کانزایی، جگە ئەڵماس کە پێکهاتووە لە کاربۆنی پاڵفتە و تەواو پاك، هەندێ بەردی گەوهەریش پێکهاتوون لە ئۆکسیدی ئەلەمنیۆم کە دیمەنێکی ئاوی کراوەو درەوشاوە دەدات بە بەردەکە، لە کاتێکدا ماددە کانزاییەکانی تر رەنگی دیکە دەدەنە بەردەکە وەکو: کرۆمی سوور لە یاقوتدا، ڤانادیۆمی رەنگ سەوزیش لە بەردی زەمرود دا. ئێمە دەزانین رووناکی پێکهاتووە لە ٧ رەنگ، کاتێك رووناکی سپی دەکەوێتە سەر بەردێکی گەوهەری، بەمەش زۆرینەی تیشکی رووناکییەکە تێپەڕ دەبێت بەناو بەردەکەدا، ئەمەش وا لە بەردەکەدا دەکات بە شێوەی روون و ئاوی دەرکەوێت، بەڵام ماددەکانی وەکو کرۆم و ڤانادیۆم لە یاقوت و زەمروددا ناهێڵن رووناکی بە تەواوی تێپەڕێت بەناویاندا بەڵکو رەنگی سوور و سەوز تووشی شکانەوە دەکات، رێگەدەدات بە رەنگەکانی تر بە ناو بەردەکەدا تێپەڕن.





## پەند و وتە

جۆرج برنارد شۆ، نووسەری ئیرلەندی و رەخنەگر و شاعیری شانۆی رۆژئاوا، ساڵی (١٨٥٦) لە شاری دەبڵنی کۆماری ئیرلەندا لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٥٠) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی رق گوتوویەتی: دوو کەسی نزیك و خۆشەویست لەلای یەکتر ئەگەر رقیان لە یەکتر بوو، شتێکی ئەوەندە گەورە نییە، بەڵام ئەو کاتەی یەکێکیان ئەوەی دیکە فەرامۆش دەکات، کارەساتێکی وەحشیگەرییە.



### گۆزە

کەسێك خەیاڵی تۆی بردووەو ناشتوانی لێی نزیك ببیتەوە، پەلە مەکە، تا هەلێك رێکدەکەوێت و ئەو کاتە لێی نزیك ببەوە. بەخت خەندەت بۆ دەکات و ئەزموونی زیاتر وەردەگریت، لە ئەنجامی چەند هەنگاوێك ئەنجامێکی باش وەردەگریت، رەنگە دڵت بۆ کەسێك بکەوێتە دڵەخورپە.



### نەهەنگ

هەموو کاتێك گونجاو نییە کە هەنگاوەکانت دەست پێ بکەیت، بۆیە بیری لێی بکەوە و کاری لەسەر بکە، پاشان ئەنجامی بدە، زیاتر لەماوەی پێشوو خۆت بەحیساباتی داراییەوە خەریك دەکەیت و بیر لەداهاتی زۆرتر دەکەیتەوە، پێویستە هاوسەنگییەك بۆ خەرجییەکانت دابنێیت.



### شایان

بڕوات بە خۆت هەیە و کەسێکی لێبووردەی، بەڵام جار جار تووڕەییت پێوە دیارە و لەگەڵ کەسانی دەوروبەر ناکۆکیت دەبێت، کەسێکی ناودار لەژیانت بەتوانا فکری و پیشەییتەوە کاریگەر دەبێت، تۆش بەمە سودەمەند دەبیت، لایەنی دارایی و سۆزداریت جێی دڵنیاییە.




### دووپشک

ماندووبوونت پێوە دیارە و پێویستت بە پشوودانە، هەر کاتێك ویستت نابێت لەگەڵ کەسانی دەورەبەرت نزیك ببیتەوە، پێویستە بیر لە هەستی ئەوانیش بکەیتەوە. مەهێڵە دووبارە رەشبینی باڵ بەسەر ژیانتدا بکێشی، راستە کەمێك دوودڵ دەبیت، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت و وردە وردە لەم فشارە دەروونییە رزگارت دەبێت.



### کەوان

ئەرکێکت لە بەردەمەو سەرقاڵت دەکات، بەڵام خۆت فەرامۆش کردووەو ئاگاداری هەستەکانت نیت، زۆر بەپەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە لەم بارەیەوە بڕیارێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بدەیت و ئەنجامێکی باشی دەبێت.



### گیسک

مەهێڵە کێشەکانی دەورەبەرت کاریگەرییان لەسەر ژیانی تایبەتیت هەبێت، با پێتەوە دیار نەبێت کە لە رابردوودا ئازارت چێشتووە، بەخێرایی گۆڕانکارییەکی باش دەکەیت لە بواری ئیش و کارەکانت، رەنگە لە رۆژانی داهاتوو بگەیتە ئەنجامێکی باش و گرفتێکیشت بەرەو چارەسەری بڕوات.